# جینایەتی تازەی هێزەکانی ڕێژیم

هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان هەر ڕۆژە و جینایەتێکی تازە دەخوڵقێنن. شەوی یەکشەنبە 2004/12/5 ژمارەیەك کرێ کوڵ کە لە بەر هەژاری و بێ دەرەتانی بۆ وە دەست خستنی نانی ڕۆژانەیان سەخت و دژوارترین کاریان هەڵبژاردووە و هەر ئان لە گەڵ خەتەری نەمان بەرەو ڕوون، لە نێوان خانی و قزقاپان دەکەونە کەمێنی هێزەکانی ئینتزامی ڕژێمەوە و لە ئاکام دا ماشێنێك وەبەر دەستریژی کەوت هەڵدێردرا و سەرنشینەکانیشی بریندار بوون. ماشێنەکە کە خاوەنەکەی ناوی " جەلالە سوورە" لە لایەن هێزەکانی ڕژێمەوە دەستی بە سەر دا گیرا. ناوی دوو نەفەر لە بریندار بووەکانیش: بە مجورەن: 1- محەمەد 2- جەعفەر سەردەشتی.

بەمبۆنەیەوە ئەو پەری نارەزایی و دڵگرانی خۆمان بەرامبەر بە ئاکاری نا مرۆڤانەی هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان دەردەبڕین کە بە هەر بیانوویەك دەیانەوێ چووکترین دەرەتانی ژیان لە ئینسانی کوردی چەوساوە بستێنن. ئاواتی هەر چی زوو سارێژ بوونەوەی برینی بریندارو نەخۆشەکانی ئەو ڕووداوە دەکەین.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

2004/12/10

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com